نەچیرڤان بارزانی پیرۆزبایی لە کرێکاران دەکات

بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی کرێکاران، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە کرێکاران دەکات و، داواش دەکات، بایەخ و گرنگی بە باشترکردنی دۆخی ژیان و گوزەرانیان بدرێت.

ئەمە چوارشەمە، 01-5-2024، لە ڕۆژی جیهانیی کرێکاراندا، نەچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە پەیامێکدا "گەرمترین پیرۆزبایی" لە هەموو کرێکارانی کوردستان، عێراق و جیهانی کرد و گوتی، "دەستی کار و ماندووبوونیان دەگوشم و هیوای ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی و سەرفرازییان بۆ دەخوازم."

نەچیرڤان بارزانی ئاماژەی بۆ کردووە، "لەم کاتەدا بە ڕێز و پێزانینەوە لە ئەرك و هەنجی کرێکاران و ڕۆڵی کارایان لە پرسەی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتناندا دەڕوانم، جەخت لە بەردەوامیی پشتگیری لە هەموو ماف و داوا هەواکانیان و پێویستیی هەبوونی یاسایەکی پشکەوتووی سەردەمیانە دەکەمەوە کە زەمینە و ژینگەڕی لەبار ی کارکردن و ژیانێکی باشتر بۆ چینی زەحمەتکێشی کرێکاران و خزانەکانیان بنەتە ئاراوە"ڕ.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان هانی سەندیکا و ڕێکخراوەکانی کرێکاران دەدات "کاری باشتر بکەن و هەوڵی زیاتر بدەن بۆ دابینکردن و پاراستنی مافەکانی کرێکاران و هەخساندنی یەکسانی لە

دەرفەتەکانی کاردا، هەروەها دەبێ لایەنە پەیوەندیدارەکان چاودێری خەزانی ئەو کرێکارانە بکەن کە لە کاردا ژیانیان لە دەست داوە و بایەخ و گرنگی بە باشترکردنی دۆخی ژیان و گوزەرانیان بدرێت".

لە کۆتایی پەیامەکەی سەرکی هەرێمی کوردستاندا هاتووە، "یەکی ئایار لە هەموو لایەك پیرۆز بێت و هیوای پشوویەکی ئارام بۆ کرێکاران دەخوازم